## کتێبێکی نوێ لەبارەی شاعیری فەرەنسیەوە...

# ئابڕوچوونە تابۆکانی ژیانی ئارسەر رامبۆ

ئادم ریوردن له عەرەبییەوە/ محەمەد چیا

دژیەکیەکانی ڕامبۆ چەندین نەوەی لەشاعیران و لێکۆڵەرەوان شەیدا کرد، چۆن نوسەرێک بەهرەیەکی پوخت و بێگەردی پێشکەش کردبێت لەرابردوی خۆی دەگۆڕێت و هەڵدێت ؟ چۆن رامبۆی شاعیر، ئەو لاوە سەرسورهێنەرە کە بە چامە پەخشانیەکانی هۆڵەکانی پاریسی لەحەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەژاند، دەروات و دەبێتە قاچاخچیەکی چەک و، پاشانیش دوای موعاناتەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێر پەنجەدا لەمارسیلیا ئەم جیهانەمان بەجێدەهێڵێت، لەکاتێکدا کە تەمەنی تەنها 37 ساڵان بوو؟ لەکتێبی (خودایە ئەوە کارەسات بوو) نوسەری ئەمریکی برۆس دۆفی لەمبارەیەوە دەدوێت، نەخشەیەک بۆ ژیانی ڕامبۆی شاعیر دەکێشێت لەخستنەرووی ژیانی و ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوانەی لەبارەی ژیانیەوە وتراون. بەمشێوەیە دۆفی لەتێبینیەکانیدا بۆ خوێنەرەکانی دەنوسێت: ئەم کارە خوازەییە زیاتر لەوەی مێژوویی بێت.. وەک ئەوەی شایستەی ئەفسانەیەک بێت. لەراستیدا هەندێک شت هەیە زانراوە لامان لەبارەی شاعیرەوە، بۆ نمونە رامبۆ لە ئەردینیا لەدایک بووە لەساڵی 1854، خوێندکارێکی بەهرەدار بووە، یەکەم چامەی خۆی لەتەمەنی پانزە ساڵیدا نوسیوە، پاش ماوەیەک



هەڵسوکەوتەکانی ئاوێتە بووە بە تەڵەکەو لەخشتەبردن پاشان بەخێرایی سازایەوە بۆ ئەوەی ببێتە شاعیرێکی ئەفرێنەرو پەیامهێن. رامبۆ ساڵی 1871 گەیشتە پاریس و لەگەڵ شاعیری سیمبولیزمی پۆل فیرلین و هاوسەرەکەی نیشتەجێ بووە. هەردوو شاعیر کەوتونەتە ناو پەیوەندیەکی سۆزداری تابۆوە، پاشان شەریان کرد ئەمەش وای لە رامبۆ کرد بۆ ماوەیەک بڕوات لەنێوان ساڵانی 1857 بۆ 1880، پێش کۆتایی دەیەکە دەگەڕێتەوەو لەفەرەنسا دەمرێت. دۆفی کۆمەڵێک خواستنی ووردی دەسکەوتوە لەبارەی ئەو قسەو قسەلۆکانەوە کە لەبارەی ژیانی ڕامبۆوە بڵاوکراونەتەوە پاش مردنی: دوای بیست ساڵ لەمردنی ڕامبۆ، دایکی بە بایەخەوە گۆڕستانێکی تری هەڵبژارد بۆ ئەوەی جەستەی شاعیر لە گۆڕە کۆنەکەیەوە بگوازرێتەوە بۆ گۆڕێکی تر تێیدا. ئەو ئافرەتێکی خاوەن کەسێتیەکی دەگمەن بوو لەو کەسانەی کە بە کارامەییەوە بەهەردووک خەیاڵ و هەم واقیعەوە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش سیفەتێکی ترە زیاد دەکرێت بۆ ئەم کەسێتیە تایبەتە، مادام مکدۆنلد پرسیارگەلێکی دانا لەبارەی مردنی رامبۆوە خاوەن وەلامگەلێکی مێژوویین کە لێیان دابراوین. لەوانەیە خوێنەری بەریتانی بەدزمانیەک بەوەسفکردنێکی گوێ پێنەدەرانەی دژیەک لەسەر شێوازی ئەمریکی لەم کتێبەدا ببینێتەوە، کە رامبۆ بە (منال) ناو دەبات و براکەشی بە (بازاڕیی یان ڕووتە و ناکەس) سەرەڕای هەستیاری شاعیریش شێوازی ڕێکخستنەکە وا دەردەکەوێت بۆمان کە بگونجێت لەگەڵ کەشی شێوەزاری عامیەی نەوەی ئەمریکی. هەرچۆنێک بێت، دۆفی ئەم ئاوێتەیەی لەواقیع و خەیاڵ دروستکردوە بەزمانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیست و سەدەی بیست و یەکەم و هەموویانی بەستۆتەوە بەکارێکی بەرزخوازانەوە، زانیاریی زۆروزەبەند بەپشت بەستن بە نمونەو وێنەی زیرەک و ئەفراندنی بوێرانە بەناو لاپەڕەکانی کتێبەکەدا.